# لەکۆبوونەوەیەکدا لەپەرلەمانی بەریتانیا کەدژی گیرانەوەی پەنابەرانی کوردستان سازدرابوو، یاداشت نامەیەك ئاراستەی پەرلەمانتارەکانی ئەم وولاتە کرا.

لەدرێژەی کەمپینی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی و بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران، رۆژی 26–3–2007 لەپەرلەمانی بەریتانیا کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بەهەدەفی لێکۆلینەوەو خستنەرووی رێگاچارە لەسەر باروودۆخی پەنابەرانی عیراقی و سیاسەتی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد سازدرا. لەم کۆبوونەیەدا ژمارەیەکی زۆر لەخەلکی پەنابەر و دەیان کەسایەتی ناسراو و هەلسوراو لەبورای کیشەی پەنابەریتی و مافەکانی مرۆڤ ئامادەیی بوون وبەمیوانداریتی وپیشتیوانی بەریز(John McDonnell) ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا وکەسایەتی ناسراوی نیو گروپی سوشیالیستەکانی ناو پەرلەمان بەریوەچوو، چەندین باس و لایەنی جۆراوجۆری کیشەی پەنابەران خرایە روو.



سەرەتای کۆبوونەوەکە بەقسەو باسی (John McDonnell) لەسەر گرنگی ئەم کۆبوونەوەیە وجیگاو ریگای کەمپینی بەرەی دژی دیپۆرت دەستی پێکرد وپاشان ئاماژەی دا بەباروودخی شەرو داگیرکاری وئاوارەیی ونائەمنییەی کە بەهۆی جەنگ وداگیرکارییەوە پەرەو رووی خەلکی عیراق بۆتەوەولێرەشەوە قسەکانی بردەسەر گرتن ودیپۆرتی بەزۆری پەنابەران و راگرتنی پەنابەران لەگرتووخانە دەست بەسەرەکانی بەریتانیا و ئەمەشی بەسیاسەتێکی بەر بەریت لەلایەن حکومەتەکەی تووني بلیرەوە ناوبرد، وەلەکۆتایشدا داوای توند کردنەوەی بەرەی دژی دیپۆرت وکاری یەکگرتوانەی زیاتری رێکخراوە پەنابەرییەکانی کرد.

پاشان دەشتی جەمال بەنوێنەرایەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی و بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق لە ووتاریکدا کە( دەقەکەی بە شێوەی سەربەخۆ بلاودەکرێتەوە) ئاماژەیدا بەگرفتی پەنابەرانی عیراقی وریگا چارەیەکی کارساز و واقعی خستە روو و رای گەیاند کیشەی پەنابەرانی کوردو عیراقی کەیسێکی سیاسییە و دەولەتی بەریتانیا لایەنیکی مسئولەو بەرپرسیاریتی لەئەستۆیە. پاشان دەشتی جەمال لەراستای پیداگری لەسەر مافەکانی پەنابەرانی کوردستاندا، یاداشتنامەیەك کە ئاراستەی پەرلەمانتارەکان کرابوو تادژ بەگیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد زۆرترین پشتیوانی لەنیو پەرلمانی بەریتانیادا بۆهەلبخریت و وەك ریگایەك بۆ بەرگرتن بەسیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران بەدەستەوە بگیری لەنیو کۆبوونەوەکە بلاوکرایەوە سەرەنجام کۆبوونەوەکە ئەم یاداشتنامەیەی پەسەندکرد.

بەدوا ئەوەدا (عیرفان و سەباح) دوو پەنابەری کورد کە بەرهەمی کارو خەبات و چالاکی یەکانی فیدراسیۆن ورێکخراوە پەنابەریەکان ئازاد کرابوون لە سەر مامەلەی نا ئینسانی نیو گرتووخانە دەستبەسەرەکان وکیشەی پەنابەریان بۆ ئامادەبوان گیرایەوە، پەدوای ئەوانیشدا هەریەك لەبەریزان:

پارەمەزان لە رێکخراوی کۆنگۆ لەسەر سیاسەتی بەزۆر گیرانەوەی پەنابەران بۆ کۆنگۆ. Emma Ginn لەرێکخراوی کەمپینی نیونەتەوەیی دژی دیپۆرت، Arun Kundnani لەسەنتەری لیکولینەوەی نەژادیەکان وکەمپینی دژی راسیزم فاشیزم، زانا عەزیز بەنوێنەرایەتی فیدراسیۆنی پەنابەرانی کورد لە هۆدەرسفێلد، (Tim Finch) لەرێکخراوی رفیوجی کەنسل. Gerry Hickey لەرێکخراوی پرۆژەی یارمەتی پەنابەران.. لەگۆشەی جیا جیاوە قسەوباسیان لەسەر مەسەلەکانی پەنابەران کرد. بەدوای تەواوبوونی قسەوباسی ئەم بەریزانەش، ماوەدرا بە بەشداربووان بۆ موداخەلەو دەربرینی باری سەرنجیان.

لەکۆتایدا دەشتی جەمال ئەنجامی کۆبوونەوەکەی بەدانی یاداشتانەیەك بۆ پەرلەمانتارەکانی بەریتانیا لەریگای بەریز(John McDonnell ) خستە روو داوای لەنوێنەرانی رێکخراوەکان کرد ئیمزای خۆیان بدەن لەو یاداشتنامەیە، کەچەند داواکاری لەدژی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی کوردستان و کردنەوەی مەلەفەکانیان و دانی مافی پەنابەری وگیرانەوەی خزمەتگوزاریەکانی لە خۆگرتبوو. شایانی باسە ژمارەیەکی زۆر لەنوینەرانی رێکخراوەکان

وئەندام پەرلەمانی ئەوروپا و بەریتانیا ئیمزای خۆیان دا لەو یادشتنامەیە. سەرەنجام کۆبوونەوەکە پیشنیارو باری سەرنجی ئامادەبووانی لەچوارچیوەی خستنەرووی چەند خالیکدا گەلالە کردەوە کە بریتی بوون لە:

1. گەیاندنی یاداشتانامەکە بەتەواوی ئەندام پەرلەمانەکان
2. کاری هاوبەش وکەمپینی هاوبەش لەگەل رێکخراوەپەنابەری و ئینسانی یەکانی تر لەراستای هەلوەشاندنەوەی بریاری گیرانەوەی بەزۆر بۆ ئەو وولاتانەی نائەمنن وەك (عیراق، ئیران، زامبابوای، کۆنگۆ ،تورکیا..
3. تاکید لەسەر پێك هینانی بەرەیەکی گەورەو هاوبەشکرایەوە دژ بەسیاسەتی دژی پەنابەری.
4. کارکردن بۆ راکیشانی زیاتری پشتیوانی ئەندام پەرلەمان ویەکیتی کریکاری و کەسایەتی وریکخراوەکان بۆ نیو بەرەی دژی دیپۆرت.
5. تاکید لەسەر پەیوەندی بە رێکخراوە پەنابەری و ئینسانی یەکان لە ئاستی ئەوروپا کرا بۆ پێك هینانی بەرەیەکی هاوبەش بۆ داکۆکی لەمافەکانی پەنابەران
6. گرتنە بەرەی ریگا جۆراجۆر لەئاستی کوردستان وئەورووپا بۆ فشار خستنە سەر حکومەتی هەریم و وولاتانی ئەوروپا سەبارەت بەکیشەی پەنابەران ،و لەنیو پەنابەران کارکردن بۆ یەکخستتن و یەك ریزی زیاتری پەنابەران لە دەوری کاو چالاك یەکانی ئەم کەمپینە دژ بەگیرانەوەی بەزۆری پەنابەران و بەرگری لەمافەکانیان.
7. هەولدان بۆ دانانی خۆپیشاندانێکی سەرتاسەری لەئاستی تەواوی رێکخراوە پەنابەری و ئینسانی یەکان بەدژی سیاسەتی دژی پەنابەری حکومەتی بەریتانیا.

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق**

2007-3-28

**www.csdiraq.com**